زنجیرەی ژیانی پیاوە گەورەکانی مێژووی
ئیسلامی لە جەنگ و جیهاد و ڕزگار کردنی خاکی موسوڵمانان

قاهر التتار

# سەیفەدین قطز

قارەمانی جەنگی عەین جالوت و شکێنەرو بەزێنەری سوپای تەتەر



دانانی

## منصور علی عرابی

ئامادەکردن و وەرگێڕانی

## ئیمام عبد الله

(سلسلة القادة والفاتحون)

زنجیرەی ژیانی پیاوە گەورەکانی مێژووی

ئیسلامی لە جەنگ و جیهاد و ڕزگار کردنی خاکی موسوڵمانان

# (قاهِرُ التتار)

# سەیفەدین قطز

قارەمانی جەنگی عەین جالوت و شکێنەرو بەزێنەری سوپای تەتەر

دانانی

منصور علی عرابی

ئامادە کردن و وەرگێڕانی

ئیمام عبدالله

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، اللهم لا سهل إلا ما جعلته سهلا وأنت تجعل الحزن إذا شئت سهلا.

مەليك مظفر سيف الدين كورى عبدالله المعزى يە، سێهەم پاشاى (مەماليك)ەكان بوو لە خاكى ميصرو شام، وە بەزێنەرو شكێنەرى سوپاى تەتەر بوو لە ناوچەى (عەين جالوت)...

ناوى (محمود كورى مەمدود)ە، وە خوشكەزاى (جلال الدين كورى خوارزم شاه)ە، ئەو بە ئازادى لە دايك بوو، واتە كاتێك چاوى هەڵهێنايە دونيا منداڵێكى ئازاد بوو، بەلاّم دزراو لە بازارى بەندەكاندا فرۆشرا، پاشان بوويە يەكێك لە پاشاكانى (عزالدين ئەيبك)، كاتێك (عزالدين ئەيبك) كوژرا، كورەكەى كەناوى (المنصور) بوو دەسەلاّتى گرتە دەست، وە (قطز)يش بوويە جێگرى دەسەلاّت...

وە لەم كاتەدا (تەتەر)ى يەكان گەيشتنە شارى بەغداد، وە دەست يان گرت بەسەريدا و ڕوخانديان و كاول يان كرد بەجارێ، پاشان گەيشتن بە (ديمەشق)، وە بوونە هەڕەشەو مەترسى بۆ سەر (ميصر)، پاش ئەمە زاناو عولەماكان داوايان كرد لە (سيف الدين قطز) كە دەسەلاّت بگرێتە دەست لە جێگەى (المنصور)ى كورى (عزالدين ئەيبك)، چونكە (المنصور) تەمەنى زۆر كەم بوو، وە لەبەر ئەوەى نەى دەتوانى بەرگەى ئەو نارەحەتى و چەرمەسەرى يانە بگرێت، ئيتر ئەوە بوو (قطز) رازى بوو بەو پێشنيارەو دەسەلاّتى گرتە دەست، بەم جۆرە توانى تەواوى ڕيزەكانى موسوڵمانان كۆبكاتەوە، وە بەمەش توانى سوپاى (تەتەر)ى يەكان ببەزێنێت و بەرەو ڕوويان بوەستێتەوە و، تێك ڕژان و تێك كشانەكەيان بەرەو خاكى ميصر بوەستێنێت...

وە بەئيزنى خواى گەورە لەم كتێبەدا ژيان و سيرەى ئەم كەڵە پياوە (سيف الدين قطز) دەزانيت، ئەو پياوەى كە توانى سوپاى (تەتەر) تێك و پێك بشكێنێ ...

## لە دایك بوون و گەورە بوونی

لە خۆرهەتی ئاسیا، لە خاکی (ما وراء النهر)[1]، سولتان جلال الدین کوری خوارەزم شاه دەژیا لە ناوچە و خاکی خۆی، ژیانێکی خۆش و ئارام، لەگەلّ پێشەوا (ئەمیر مەمدود)ی کورە مامی، وە خێزانی خوشکەکەی، وە قائیدو پێشەوای سوپاکەی و، وەزیری، خوای گەورە مندالێکی سورو سپی (ئەشقەر)ی جوانی پێ بەخشی، وە ناوی نا (محمود)، کە (محمود کوری مەمدود) لە کۆشکی (پاشا) گەورە بوو، هەتا گەیشتە نزیکەی تەمەنی (10) سالاّن...

ئەوە بوو خوای گەورە موسولّمانەکانی تاقی کردەوە بە سوپای تەتەر واتە مەغۆلی یەکان، کە بەراستی ئەوان سوپایەکی زۆر و بەهێز بوون، بە خوێن ڕێژو بێ بەزەیی ناسرا بوون، وە هیچ دینێك یان نەبوو، کە (جەنگیز خان) لە (صەحرا)دا کۆی کردبوونەوە، وە کتێبێکی وەك دەستور بۆ دانابوون بەناوی (الیاساق) یان (السیاسە الکبری) واتە سیاسەتی گەورە، کە عیبارەت بوون لە کۆمەلێك قانون لە زەین و بیریدا و، یاساو حوکمی دانراوی دروست کراو، کە زۆربەیان پێچەوانە بوون لەگەلّ شەریعەتی ئیسلامدا، جەنگیز خان هەستا بە نوسینەوەی ئەم دەستورە دەستکردە، وە کردیە خەزێنەکەی هەتا کورو نەوەکانی بیپارێزن و کاری پێ بکەنەوە پاش مردنی خۆی....

تەتەر یەکان دەست یان کرد بە دەورە دانی ولاّتانی ئیسلامی، وە پاشا (جلال الدین خوارەزم شاه) دەستی کرد بە بەرەنگار بوونەوەیان، کە پێشەوا (مەمدود)ی کورە مامی لەگەلێدا بەژدار بوو، بەلاّم تەتەرەکان توانیان پاشا (جلال الدین) ببەزێنن، وە پێشەوا (مەمدود)یان کوشت، ئیتر بەم جۆرە هەموو خێزانەکان بە خۆیان و مندالیانەوە هەلّهاتن، بەلاّم هەموویان تیاچوون تەنها یەك مندالّ نەبێت، ئەویش (محمود) بوو، خوای گەورە بە توانای خۆی ڕزگاری کرد، بەلاّم کەوتە دەستی هەندێك لە دزو جەردەکان، ئەوانیش لە بازاری کۆیلەو بەندەکان لە شاری (دیمەشق) فرۆشتیان، وە (محمود) ناوەکەی خۆی گۆری بۆ (قطز)، هەتا هیچ کەس پێی نەزانێت و نەی ناسێتەوە...

(قطز) بۆ ماوەیەکی کاتی لە (دیمەشق) مایەوە، لە گەورەیەکەوە دەگوێزرایەوە بۆ گەورەیەکی دیکە، واتە دەساو دەستی پێدەکرا بە کرین و فرۆشتنی، چونکە ئەو ئێشتا هەر بەندە بوو، بەلاّم لە (دیمەشق) کابرایەك هەبوو پێیان دەووت: (جمال الدین الترکمانی)، کە ئەم کابرا کۆیلەو بەندەکانی لە دیمەشق دەکرِی و، پاشان دەیفرۆشت بە پاشاو کاربەدەستەکانی میصر، ئەم کابرا (قطز)ی لە یەکێك لە بازارەکانی کۆیلە فرۆشیدا بینی، و خێرا کری، بینی گەنجێکی پۆشاك دراوی هەژاری نا پاکو خاوێنە،

[1]) ئەم خاکە ناوچەکانی ئوزبەکستان و تورکمەنستان و کازاخستان و دەورو بەری دەگرێتەوە.

کابرا کە (قطز)ی بینی بەم جۆرە لێی تورە دەبوو، (قطز) پێی ووت: هاوار بۆت، چیت ئەوێت بدەمێ ئەگەر بوومە دەسەلاٌت داری میصر، یان ئەگەر دەسەلاٌتی میصرم گرتە دەست؟ کابرا ووتی ئەوە تۆ شێت بویت؟! (قطز) ووتی: من لە خەومدا پێغەمبەری خوام (صلى الله عليه وسلم) بینیوە، و پێی فەرمووم: تۆ دەسەلاٌت و پاشایەتی میصر دەگریتە دەست، وە سوپای تەتەری یەکان دەشکێنیت، وە دڵنیابە وتەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) راستە و هەقە و هیچ گومانێکی تێدا نییە، کابرای بازرگانی بەندە (جمال الدين) وتی: ئەگەر بویتە پاشا (50) ئیمرەی سوارچاکم لێت ئەوێت، (قطز) وتی: بەڵێ مژدەت لێ بێت...

## جێگری سوڵتان

ئەوە بوو (قطز) لەگەڵ (جمال الدين التركماني)ی بازرگان گەیشتنە خاکی میصر، و لە بازاری (مەماليك)ەکاندا (قطز)ی فرۆشت، و بەرپرسی خزمەت گوزاری پێشەوا (عزالدين أيبك) کڕی یەوە، وە پێشەوا (عزالدين) وەزیری سوڵتان (صالح نجم الدين أيوب) بوو، کاتێك پێشەوا عزالدين (قطز)ی بینی زۆر پێی موعجیب بوو، وە خۆی لێ نزیك کردەوە، بینی شارەزا ترین تیرهاوێژی مەمالیکە، وە بینی کە (قطز) گەنجێکی زۆر ئازاو بەهێزە، وە گەنجێکی زۆر بە دین و تەقواو تەدەیونە، وە ئیسلام و موسوڵمانانی زۆر خۆش دەوێت، بۆیە کردیە دەستە راستی خۆی و، هەڵگری نهێنییەکانی، و سەرۆکی سوپا و جوندی یەکانی...

مەلیك (صالح نجم الدين ايوب)، خێزانێکی هەبوو بە ناوی (شجره الدر)، وە مەلیك (صالح) کوڕێکی هەبوو لە خێزانێکی دیکەی بەناوی (توران شاه)، کاتێك مەلیك صالح مرد توران شاهی کوری ویستی جێگەی بابی بگرێتەوە، بەلاٌم زر دایکی کە (شجره الدر) بوو لەگەڵ هەندێك لە مەمالیکەکان نەخشەیان سازکرد بۆ دەست بەسەرا گرتنی، ئەوە بوو بە پیلانێك کوشتیان، وە (شجره الدر) هاتە جێگەی دەسەلاٌتی مێردەکەی، و (سێ) مانگ حوکم و دەسەلاٌتی میصری گرتە دەست، بەلاٌم خەلیفەو زاناکانی دەوڵەتی عەباسی بەمە رازی نەبوون، بۆیە (شجره الدر) شوی کرد بە (عزالدين ايبك)، وە کردیە مەلیك و پاشای میصر بە هاوبەشی لەگەڵ مەلیك ئەشرەف موسای کوری ناصر، بەلاٌم مەلیك (عزالدين أيبك) بوویە جێنشینی تەواوەتی و هیچ کەس لەروی نەوەستایەوە، وە ناوی خۆنا بە (الملك الاعظم)، وە (قطز)ی کردە جێگری خۆی، بەمەش (قطز) بویە جێگری جێنشین ..

وە لە (23)ی رەبیعی یەکەمی ساڵی (655)ی هجریدا، مەلیك (عزالدين أيبك) لەسەر دەستی خێزانەکەی (شجره الدر) کوژرا، چونکە ئەو پیداگربوو لەسەر ئەوەی کچەکەی (بدرالدين لؤلؤ) بخوازێت، بۆیە فەرمانی کرد بە کەسە نزیکەکانی خۆی کە (عزالدين)ی بۆ بگرن و بیهێنن بۆی، کاتێك

بۆیان هێنا دەستی کرد بە لێدانی هەتا مەلیك عزالدین مرد، کاتێك سیف الدین قطز بەمەی زانی، خۆی و مەمالیکەکانی (المعز) هەستان لەگەڵی و (شجره الدر)یان کوشتەوە، و لاشەکەیان کردە زبڵ دانی خۆڵ و خاشاکەوە، وە لە جێگەی ئەو (نورالدین علی بن عزالدین أیبك)یان کردە جێنشین، وە ناویان لێنا بە مەلیك (المنصور)، وە ئەو کەسێکی کەم تەمەن بوو، وە دراوێکی لێدا بەناوی خۆیەوە، وە لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە وتاری بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، وە جێگرەکەی لەسەر کورسی دەسەڵات دانابوو، وە وەزیرەکەشی (قطز) بوو.

## گرتن و روخانی بەغداد

## لەسەر دەستی سوپای (مەغول) تەتەرەکان

لە ساڵی (655)ی هجریداو لە مانگی (ذي الحجه)دا سوپای مەغولی یەکان گەیشتنە جیهانی عەرەبی بە پێشەوایەتی مەلیکیان (هولاکۆ کوری تەوەلی کوری جەنگیز خان)، کە لە پێشدا نوێنەرەکانی خۆی نارد بۆ خاکی عەرەبی هەتا حال و باری عەرەبەکان بزانێت، کاتێك زانی ئەوان لاواز بوون، تەماعی کردە خاك و وڵاتیان ....[1]

لەسەرەتای ساڵی (656)ی هجریدا سوپای تەتەری یەکان دابەزینە سەر شاری بەغدادی پایتەختی زانست و زانیاری، وە بەهەزارەها کەسیان کوشت، و هەرچی خەزێنە و سەروەتی وڵات بوو تالأنیان کرد، و خەلیفەو پێشەوای عەباسی یەکانیان کوشت، و دەست یان گرت بەسەر دەسەڵات و خەلیفەی عەباسیدا، و هەرچی ماڵ و مزگەوت هەبوو لەناویان برد و خاپوریان کرد، کە هیچ کەس لە دەست یان سەلامەت نەبوو تەنها یەهودی و نەصاراکان نەبێت، وە هەرکەس پەنای بۆ ببردنایە دەبوایە ببوایە بە شوێن کەوتەیان...[2]

---

[1] ) دیارە ئەو کەسەی بویە هەواڵگرو بەکرێ گیراوی (هۆلاکۆ) کابرایەکی شیعە مەزهەب بوو بەناوی (العلقمی) کە ئەو خائینە بوویە هۆکاری لاواز کردنی دەولەتی عەباسی و گرتنی شاری بەغداد بەو جۆرە.... بە ئیزنی خوای گەورە لە زنجیرەکانی داهاتودا باس لە چۆنییەتی ئەم روداوە دەکەین.

[2] ) ئەمەش پیشەی داگیر کەرانە هەرکات بچنە خاکێکەوە ئاوای لێ دەکەن، خوای گەورەش باسی ئەم راستی یەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ﴾ النمل 34). واتە پاشاو بە دەسەلأتەکان هەرکات بە جەنگ بچنە شارو ئاوەدانی یەکەوە، وێران و کاولی دەکەن، وە کەسە بەرێزو ماقوڵەکانی بە کوشتن و بەدیل کردن



ئەو بەغدادەی کە بە پایتەختی زانست و زانیاری و داهێنان لە هەموو جیهاندا ناوبانگی دەرکردبوو، بوویە وێرانە، کە تەنها کۆمەڵێك کەسی کەمی تێدا مایەوە، کە ئەوانیش لە ترس و پاراستنی گیانی خۆیان، لە ژێر زەمین و بن دەلاٚنەکاندا خۆیان شاردبوویەوە هەتا دەست سوپای مەغۆلەکان نەکەون، بەجۆرێك لاشەی خەڵکی بە هەموو شەقامەکانی بەغدادا بلاٚو ببویەوە، وە بەغدا بۆنی خوێنی گرتبوو، بەو جۆرەش دەردو نەخۆشی لەناو شاری بەغدا بلاٚو بوویەوە کە هیچ کەس نەی دەوێرا بچێتە ناوی ...

بەم جۆرە هۆلاکۆ (5) پێنج مانگ لەناو شاری بەغداد مایەوە، پاشان کۆچی کرد بەرەو بنکەی دەسەلاٚتی لە خۆرهەلاٚتی ئاسیا، ئەمەش لە جەمادی یەکەمی ساڵی (656)ی هجریدا بوو، وە پێشەوایەتی سوپاکەی دایە دەستی جێگرو پێشەوای سوپاکەی کەناوی (کتبغ نوین زیك) بوو، وە چواردانە لە دەسەلاٚت دارەکانی تەتەریش لەگەڵێدا مانەوە، کاتێك هۆلاکۆ بەغدادی بەجێ هێشت وەسیەتی کرد بۆ جێگرەکانی کە درێژە بدەن بە تێك ڕژان و دەست درێژی کردنیان بۆ سەر خاکی عەرەبی و ئیسلامی، هەتا شوێنێك نەمێنێتەوە بۆ موسوڵمانان و عەرەبەکان، و بەمەش دەست بگرن بەسەر تەواوی خاك و زەوی و زاریاندا، و تەواوی جێنشین و دانیشتوانەکانیان بکوژن و خێرو بێریان بەرن و تالاٚنی بکەن، ئەوانیش لە بەجێگەیاندنی ئەم وەسیەتە کەم تەرخەمییان نەکرد...[1]

---

زەلیل و سەرشۆر دەکەن، وە هەر ئاوا بوون و وەهەر بەو جۆرەش دەکەن)). ئەمەش ئامۆژگاری بەڵقیس بوو بۆ پیاوانی ڕاوێژکاری...

[1]) بە ئیزنی خوای گەورە لە باسەکان داهاتوودا چیرۆکی بەغدادی بریندارتان بۆ باس دەکەین، هەروەها خیانەت و عەمالەتی شیعەش لەپاڵ تەتەرو مەغولەکان دژی ئەهلی سوننە لە عێراقدا ...

# مەلیك قطز

هەواڵی گرتن و داگیر كردنی بەغداد لە لایەن مەغۆلەكانەوە گەیشتەوە بە میصر، هەروەها تەتەری یەكان پێداگر بوون لەسەر بڵاو بوونەوەیان بۆ داگیر كردنی شوێنەكانی دیكەی خاكی موسوڵمانان، لەبەر ئەمەش خەڵكی توشی دڵە ڕاوكێ بوون، كە ترس و بیم لە ناویاندا بڵاو بوویەوە، وە چیرۆكی درۆو دروستكراو لەبارەی تەتەری یەكانەوە بڵاو بوبویەوە، بەوەی كە ئەوان گۆشتی مرۆڤ دەخۆن، وە هیچ هێزو سوپایەك نییە لەم زەوییەدا بتوانێت ڕوو بە ڕوویان بوەستێتەوە...[1]

لەو كاتەدا پێشەواو پاشای میصر مەلیك (المنصور) بوو، كە ئەو كەسێكی كەم تەمەن بوو، تەمەنی لە (15)ساڵ تێپەڕی نەكردبوو، وە ئەو تواناى نەبوو ئەو هەموو بەرپرسیارێتی و نارەحەتی یە هەڵبگرێت، بەتایبەتیش لەو كاتە نارەحەت و پڕ چەرمە سەرییەدا، بۆیە زاناكانی ئیسلام داوایان كرد لە (سيف الدين قطز) كە بچێتە جێگەی خەلیفە بچوك (المنصور)و خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست، لەبەر ڕزگار كردنی خاكی میصرو تەواوی وڵاتانی ئیسلامی لە مەترسی تەتەری یەكان، ئەوەبوو (سيف الدين قطز) بەم پێشنیارە ڕازی بوو، وە هەستا بە لادانی مەلیك (مەنصور)، وە مەنصورو دایكی و براكانی نارد بۆ خاكی (الاشكری)، كە لادێیەك بوو لە خۆرهەڵاتی میصر، وە (قطز) بۆخۆشی بووە پاشای میصر، وە خۆی ناونا بە (مەلیك المظفر سيف الدين قطز)، ئەمەش لە ذي القعدەی ساڵی (657)ی هجریدا بوو، وە (قطز) هەستا بە كۆكردنەوەی تەواوی ڕیزەكانی مەمالیك، وە بۆی ڕوون كردنەوە كە ئەم كارەی بە مەشوەرو بۆچونی شارەزاو فەقیهەكان كردووە، پاشان پێی ووتن: ئەبێت خەڵكی ئیلا پاشایەكی بە دەسەڵاتیان هەبێت، كە دژی دوژمنانی موسوڵمانان بجەنگێت، وە مەلیك مەنصور تەمەنی بچوك بوو، وە ڕێك خستن و جێبەجێ كردنی كارەكانی نەدەزانی، وە مەمالیكەكان بەمەش باوەریان كردوو ڕازی بوون، بەمەش (قطز) دەست كرد بە بیركردنەوە كە چۆن بتوانێت پێش بەو هێرشە فراوانەی سوپای تەتەری یەكان بگرێت، و خۆی و سوپاكەی چۆن ئامادە بكات، بۆیە هەستا بە دانانی پێشەوا (ركن الدين بيبرس أتابگ العساكر) بۆ سەرۆكایەتی سوپاكەی، وە كردیە وەزیری خۆی بۆ ڕاپەراندنی كارەكانی، وە مەلیك (سيف الدين قطز) بۆخۆشی سوار چاكێكی لێهاتوو بوو، وە زۆر ئازاو بە جەرگ و لێهاتوو، بە تەقواو و وەرع بوو، وە زۆر شارەزا بوو لە كارە سیاسی و سەربازی یەكاندا، بەمەش ژێر دەستەو ڕەعیەتەكانی زۆریان خۆش دەویست، كاتێك (جمال الدين التركمانی)

---

[1] ) هەتا بەو جۆرەی دەگێڕنەوە: لەناو شاری بەغداد كابرایەكی مەغۆلی دەگەڕێت و لەرێگادا دەگات بە چەند سەربازێكی شەركەری سوپای عەباسی، ئەوان ئەوەندە ترس چووبویە دڵیانەوە نەیان وێرا كابرای مەغۆلی بكوژن، ئەویش پێی وتن بۆستن ئێستە دێمەوە بابچم شمشێرەكەم بێنم، ئەوە بوو چوو شمشێرەكەی هێناو هاتەوە ئێشتا ئەوان لە جێگەی خۆیان بوون نەیان وێرابوو بڕۆن، ئەویش هەموویان لە شوێنی خۆیاندا كوشت!

بەمەی زانی و ئەم هەواڵەی بیست، لە (دیمەشق)ەوە هات بۆلای، پاشا (قطز)یش لەسەر بەڵێنەکەی خۆی پێشەوایەتی (50) سوارچاکی پێدا...

## تێك ڕژانی تەتەرییەکان

لە سەرەتای ساڵی (658)ی هجریدا، تەتەری یەکان لە بەغدادەوە دەست یان کرد بە تێك ڕژان و دەرچوون ڕووبە خاکی شام، و لە دەریای (فورات) پەرینەوە، و لە صەفەری ساڵی (658)دا گەیشتنە شاری حەلەب، و بۆماوەی (7) ڕۆژ گەمارۆی شارەکەیان دا، پاشان بەڵێنیان دا بە دانیشت وانەکەی ئەگەر شەرنەکەن و خۆیان بدەن بە دەستەوە ئەوە نایان کوژن، وە خەڵکە داماوەکەی حەلەب بەو بەڵێنە فریویان خوارد، وە دەلاقەی شارەکەیان بەرووی سوپای تەتەرەکاندا کردەوە، کاتێك تەتەری یەکان هاتنە ناو شارەکە، بەهەموو لایەکدا دەست یان کرد بە قەتڵ و عام و کوشتن و برینی خەڵکی شاری حەلەب، هەرچی سامانی ئەو شارە بوو بردیان، هەرچی منداڵ و ئافرەت بوو گرتیانن، پاشان بەمەش دانەنیشتن بەڕێ کەوتن بەرەو (دیمەشق) لە کۆتایی مانگی صەفەردا، و زۆر بە ئاسانی و بەبێ هیچ بەرگری و شەرکردنێك شاری دیمەشق یان گرت، بەهەمان جۆر کاتێك چوونە ناو شاری دیمەشقەوە هەموو شارەکەیان خاپور کرد و روخان، وە پێشەواکەیان کە ناوی (بدرالدين کوری قەراحا) بوو لەگەڵ نەقیبەکەیدا کە ناوی (جمال الدين کوری الصيرفي) بوو لە پێش چاوی سوپاکەیدا لەت و پەت کرد، وە شارەکەیان تەسلیم بە ئەمیرێکی تەتەری کرد بەناوی (أبل سيان)، وە ئەو (نەفرەتی خوای لێ بێت) کەسێکی نەصرانی بوو، بەمەش شارەکەی فاسد کرد و، هەرچی مزگەوت هەبوو روخاندنی و تەواوی موسوڵمانەکانی کوشت و زەلیلی کردن...

بەم جۆرە سوپای تەتەری دەست یان گرت بەسەر تەواوی خاکی شامدا، وە دەست یان گرت بەسەر(حیران)و (دیار بەکر) و پاشان شاری (نابلس) پاشان (الكرك) و پاشان (بيت المقدس)، و پاشان بەڕێ کەوتن بەرەو شاری غەززە، و بەبێ هیچ شەرو بەرگری کردنێك دەست یان گرت بەسەر شاری غەزەدا، ئەوەی مابوویەوە لە بەردەمیاندا تەنها یەمەن و حیجازو میصر بوو، بۆیە خۆیان ئامادە کرد هەتا هێرش بکەنە سەر خاکی میصر...

## ترس و تەسلیم بوون نییە

ئەو قائیدەی سوپای تەتەری کەدەستی گرت بەسەر وڵاتی شامدا ناوی (کتبغا نوین زیك) بوو، وە واتای وشەی (نوین) پێشەوای دەهەزارە، وە ئەو کەسێکی پیر و بە ئەزمون بوو، وە ئەو ئارەزوی بەلای دینی نەصارادا دەچوو، بەڵام ئەو نەی دەتوانی لەو یاساو قانونانە دەربچێت کە (جەنگیز خان) دای

نابوون، کاتێك پێشەوا (کتبغا) بریاری یەکلایی دا لەسەر هێرش کردن بۆسەر خاکی میصر، نامەیەکی بە نامە بەرەکانیدا نارد بۆ پێشەوا و مەلیك (سیف الدین قطز)، کە پڕی بوو لە هەڕەشە و ترساندن، ئەمەش بەشێکی بوو لە وتەکانی: ((فلکم بجمیع البلاد معتبر، وعن عزمنا مزدجر، فاتعظوا بغیرکم، وأسلموا إلینا أمرکم، قبل أن ینکشف الغطاء فتندموا، ویعود علیکم الخطأ، فنحن ما نرحم من بکی، ولا نرق لمن شکا، وقد سمعتم اننا قد فتحنا البلاد، وطهرنا الارض من الفساد، وقتلنا معظم العباد، فعلیکم بالهرب، وعلینا الطلب، فأي أرض تأویکم، واي طریق ینجکم، واي بلاد تحمیکم ؟!)).

کاتێك ئەم نامە گەیشت بە (قطز) و خوێندی یەوە، خێرا تەواوی کار بەدەستەکانی کۆکردەوە، کە لەگەڵ هەموویان ڕێك کەوت لەسەر کوشتنی نامە هێنەرانی تەتەری یەکان، ئەوانیش ڕازی بوون، بۆیە دەست یان گرت بەسەر نامە هێنەرە تەتەری یەکاندا، وە پاشا (قطز) فەرمانی کرد بە لە سێدارە دانیان، وە پاشان کەلە سەرەکانیانی بە دەرگا دەلاقەی (زەویلە)ەوە هەڵواسی...

وە ئەم مامەڵەیەش کە پاشا (قطز) ئەنجامیدا، واتە نەبوونی ترس یان تەسلیم نەبوون، وە ئەمەش هەر بۆخۆی هەواڵی شەرکرن بوو دژ بە سوپای تەتەری یەکان...

## بانگەوازی جیهاد

پاشا (سیف الدین قطز) هەستا بە کۆکردنەوەی تەواوی قازی و فەقیە و کەسا ناودارەکان و پیاوەکانی دەوڵەت، بۆ پرس و ڕاوێژو مەشوەرە پێکردن یان لە بارەی جیهاد کردنەوە دژی سوپای زۆری تەتەری یەکان...

وە لە ماڵی پاشا لە دەشتی (الجبل) شێخ و زانای گەورە (عزالدین بن عبدالسلام) ئامادە بوو، وە هەروەها قازی ناوداری میصر (بدرالدین السخاوی) قازی دیاری میصری، وە هەموویان ڕێك کەوتن و کۆڕابوون لەسەر ڕووبە ڕوو بونەوەی سوپای تەتەری و مردن لە پێناوی خوای گەورەدا، وە زاناکان چونە سەر مینبەرەکان و، بانگەوازیان دەکرد بۆ جیهاد کردن لە پێناوی خوای گەورەدا، بۆ بەرگری کردن لە ئیسلام و خاکی موسوڵمانان، دژی مەغۆلە بێ باوەڕە موشریکەکان ...

لە ڕۆژی دوشەممەی 15ی شەعبانی ساڵی (658)ی هجریدا، پێشەوا (سیف الدین قطز) بە خۆی و سوپاکەیەوە لە میصرەوە بەڕێ کەوتن، وە پاشان سوپاو سەربازەکانی شام و عەرەب و تورکمانەکان و جگە ئەوانیش چوونە پاڵ سوپاکەی، لە دەشتایی (الجبل)، وە لە قاهیرە و تەواوی ناوچەکانی میصر بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ جیهاد لە پێناوی خوای گەورە و، ڕوو بەڕوو بونەوە و

بەرپێگرتنی دوژمنانی ئیسلام، بەم شێوە تەواوی کاربەدەستانی کۆکردەوە، وە داوای لێ کردن کە هاوکاری بکەن بۆ شەرو کوشتار کردن دژی تەتەرەکان، بەلاٌم هەندێك یان پشت یان هەڵکرد و لەگەڵی دەرنەچوون، پێشەوا (قطز)یش پێی وتن: ((یا امراء المسلمین، لکم زمان تأکلون أموال البیت المال، وأنتم للغزاة کارهون، وأنا متوجه، فمن أختار الجهاد یصحبني، ومن لم یختر ذلك یرجع إلی بیته، فإن الله مطلع علیه، وخطیئة حریم المسلمین في رقاب المتأخرین)). پاش ئەم قسانە (قطز) تەواوی پێشەواو قادەکانی کۆکردەوە، وە مەترسی کات و وەزعەکەی بۆ روون کردنەوە، وە خراپی زاڵ بوون و سەرکەوتنی تەتەری یەکانی بۆ روون کردنەوە لەوەی چۆن خوێن دەرێژن و ماڵ و خاك و وڵات کاول دەکەن، وە داوای لێ کردن بە گریان و لاوانەوەوە کە رۆح و گیانیان بکەنە کار لە پێناوی رزگار کردنی ئیسلام و موسوڵمانان ...

بەم جۆرە قادە و پێشەواکان خۆیان پێ نەگیراو ئەوانیش دەست یان کرد بە گریان، وەك (سیف الدین قطز)، وە بەڵێنیان پێدا کە بە هەموو جۆرێك تەزحییە بدەن و گیانی خۆیان بدەن بۆ سەرخستنی ئیسلام...

## شەری عەین جالوت



مەلیك (قطز) تەنها وەك بەرگری کار نەوەستا، بەڵکو لەخاکی میصر دەرچوو بۆ راوە دونانی سوپای تەتەری یەکان، ئەویش لەبەر ئەو بیرو باوەرە پتەوەی هەیبوو بەوەی کە هێرش بردن چاکترین هۆکارە بۆ بەرگری کردن، وە هەتا بەم کارەی وورە و مەعنەویاتی پیاوەکانی بەرز بکاتەوە، وە بۆ دوژمنەکانیشی بسەلمێنێ کە ئەو لێیان ناترسێ و ترسی نییە لێیان....

مەلیك یان پێشەوا (قطز) بە سوپا ئیسلامی یەکەیەوە لە خاکی میصرەوە کەوتە جوڵە، ئەمەش لە سەرەتای مانگی رەمەزانی ساڵی 658ی هجریدا بوو، وە بەردەوام بوو هەتا گەیشتە شاری غەززە، کە هەندێك لە کۆمەڵی تەتەری یەکانی تێدابوو بە پێشەوایەتی (بیدرا)، کە کتوپڕ رووبە رووی هێرشی

یەکێك لە کەتیبەکانی مەمالیك بوویەوە بە پێشەوایەتی (بیبرس) دایان بەسەریاندا، تەتەرەکان لەم شەرەدا تێك شکان، وە مژدەی سەرکەوتن ڕاگەیەندرا، بەم جۆرە (قطز) شاری غەززەی لە تەتەرەکان سەندەوە، و یەك ڕۆژ تێیدا مایەوە، پاشان ڕووەو باکور بەرێ کەوت بەرەو ناوچەی لوبنان، وە (قطز) هەڵمەتێکی هەواڵگیری نارد بۆ ناوچەکە بە پێشەوایەتی (رکن الدین بیبرس) هەتا زۆرترین زانیاری کۆبکاتەوە لەسەر تەتەرەکان، لە بارەی هێزو ژمارەو چەك و جبەیان...

تەتەرەکان لە شوێنێك لایان دابوو بەناوی (عین جالوت) لە فەڵەستین، کاتێك (رکن الدین بیبرس) گەیشتە ئەو شوێنە، چاوەڕێی نەکرد هەتا (قطز) بێت، بەڵکو لەگەڵ سوپای تەتەرەکان بەشەر هات، وە شەر بەردەوام بوو لە نێوان هەردوو دەستەکەدا...

وە لە رۆژی هەینی 25ی رەمەزانی ساڵی 658ی هجری، مەلیك (قطز) بە خۆیی و سوپاکەیەوە گەیشتە بەرەکانی جەنگ، وە پێشەوا (بیبرس) بە خۆی و ئەوەی لەگەڵیدا بوو لە سوپاکەی چونەوە پاڵ سوپای موسوڵمانەکان، وە پاش ئەوەی یەك یان گرتەوە ویست یان پێکەوە گورزێك بدەن لە تەتەرەکان، پێشەوا (قطز) فەرمانی پێکردن کە جارێ هێرش نەبەن و چاوەرێ بکەن، هەتا نوێژی جومعە، کاتێك زاناکان دوعای سەرکەوتن یان بۆ دەکردن...

وە دوای ئەوەی کاتی شەرکردن هات، وە زانایان و موسوڵمانان دەست یان بەرز کردەوە بۆ خوای گەورە بە تەزەروعەوە، وە لێی دەپارانەوە کە موسوڵمانان سەربخات، پاشان پێشەوا (قطز) بە دەستی ئاماژەی کرد بە سوپاکەی بۆ هێرش بردن و ئیقتحام کردن، و شەڕێکی گەورە لە نێوان هەردوو لادا ڕوویدا، وە پێشەوا (قطز) بۆخۆی ریزەکانی بڕی، وە لە سەربازەکانی دەچویە پێشەوە و هاواری دەکرد و دەی ووت: وا ئیسلاماه ... وا ئیسلاماه، وە بە شمشێرەکەشی لە گەردنی دوژمنەکانی دەدا، وە تەشجیعی هاوەڵەکانی دەکرد و هانی دەدان لەسەر شەهیدی لە پێناوی خوای گەورەدا... بەم جۆرە شەرەکە گەورە بوو، وە بەربڵاوی و کشانی سوپاکەی بینی، و کڵاوەکەی سەری داکەندو، و چویە ناو جەرگەی تەتەرەکان و زۆر بە ئازایانە شەری دەکرد، وە مردنیش لە هەموو لایەکی یەوە بوو، وە لەبەردەم سوپاکەیەوە هاواری دەکرد : وا ئیسلاماه ... وا ئیسلاماه ... یا الله، سەری بخە بەندەی خۆت (قطز) بەسەر تەتەردا ....

وە لەکاتی شەرەکەدا ئەسپەکەی (قطز) کوژرا، وە ئەو لەسەر پێیەکانی خۆی بە سابتی شەری دەکرد، وە سەربازەکانی تەتار دەوریان دابوو، یەکێك لە کاربەدەستە کانی خۆی ئەمەی بینی، خێرا لە ئەسپەکەی دابەزی و دای بە پێشەوا (قطز)، بەڵام ئەمەی قبوڵ نەکرد، وە سوێنی دا کە سواری ئەسپەکەی بێتەوە، وە پێی ووت: (ما کنت لاحرم المسلمین نفعك)، وە بەردەوام بوو لەشەر کردن هەتا

پیاوێك ئەسپێكی بۆ هێنا، و سواری بوو، وە بەردەوام بوو لەشەر كردن بە ئازایانە روو بە ڕیزەكانی تەتار...

وە پێشەوا (قطز) پەنای برد بۆ فێڵێكی زۆر زیرەكانە، كە كۆمەڵێكی لە سەربازەكانی مەمالیك لە نێوان گردەكاندا شاردەوە، هەتا ئەو كاتەی توندی و سەختی شەڕەكە زیادی كرد، مەمالیكەكان كەمین و بۆسەكانی خۆیان دەرخست، وە زۆر بە توندی و هێزەوە هێرش یان بردە سەر تەتەرەكان ...

وە هەروەها باخێك هەبوو لە نزیك بەرەی شەرەكەدا، و كۆمەڵێك لە سەربازەكانی تەتار خۆیان تێدا حەشار دابوو، بەلاّم پێشەوا (قطز) فەرمانی دا بە سەربازەكانی كە ئاگر بنێن بەو باخەوە و بیسوتێنن، ئیتر هەرچی لەناو باخەكەدا بوو لە سەربازانی تەتەر سوتان، تەتەرەكان بەم هۆیەوە تێك و پێك شكان و دۆران، و شەوكەتیان شكا، وە پێشەواكەیان كە ناوی (كتبغا نوین) بوو كوژرا، كە پێشەوا (ئاقوش الشمسی) كوشتی، پاش ئەمە سوپای تەتەرەكان رایان كرد روو بە (بیسان)، بەلاّم پێشەوا (قطز) فەرمانی دا بە گرتن یان و راوە دونانیان، پاش ئەم سەركەوتنە گەورەیە پێشەوا (قطز) لە ئاپۆرایەكی گەورەدا چویەوە بۆ ناو شاری دیمەشق....

## مردنی قەطز

دوای شەرەكەی عەین جالوت، پێشەوا (سیف الدین قطز) لە كۆشكی (القلعە) لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، وە بەردەوام مەلیك و كاربەدەستەكان دەهاتن و دەست خۆشیان لێ دەكرد لەو سەركەوتنە گەورە كە بەدەستی هێنا، كە هەندێك لەو كاربەدەستانە لە دانیشتنەكاندا پێیان ووت: ئەی مەلیك، بۆچی لەكاتی شەرەكەدا سواری ئەسپی فولانە ئەمیر نەبویت كاتێك ئەسپەكەی خۆت كوژرا؟ خۆ ئەگەر هەندێك لە دوژمنەكان دەستیان پێت بگەشتایە دەیان كوشتیت و ئیسلام بەهۆی نەمانی تۆوە تیا دەچوو، (سیف الدین قطز) ووتی: بەنیسبەت خۆمەوە ئەگەر بكوژرامایە دەچوم بۆ بەهەشت، وە بۆ ئیسلامیش خوایەكی هەیە كە هەرگیز نایەڵێت لەناو بچێت، ئەوە كێ و كێ كوژران، لە مەلیك و كەسانی گەورە و گرنگ، بەلاّم كەسانێكی دیكە هەستان بۆ پاراستنی ئیسلام، نەخێر هەرگیز ئیسلام لەناو ناچێت ...

پێشەوا (قطز) ماوەیەكی كەم لە دیمەشق مایەوە، عەدالەت و داد گەری لە نێوان ژێر دەستەكانیدا بلاّو بوویەوە، وە كارو باری ولاّت بە شێوەیەكی چاك دەچوو بەڕیوە، وە ئەوەی لە نەوەكانی (بەنی ئەیوب) مابونەوە دووری خستەوە، وە لە جێگەی ئەوان پیاوانی بەهێزی دانا، وە پێشەوا (بیبرس)ی نارد بۆ راوە دونانی تەتەرەكان هەتا لە شاری حەلەب وەدەریان بنێت، وە بەڵێنیشی

پێدا کە بیکاتە پێشەوا و ئەمیری حەلەب، ئیتر بیبرس هەستا بەم کارە، هەتا تەواوی خاکی شامی لەتەتەرەکان پاك کردەوە...

بەم جۆرە پێشەوا (قطز) وای بینی باشتر وایە بگەڕێتەوە بۆ خاکی میصر، وە بیبرس لەگەڵیدا بێت، وە لە جێگەی بیبرس لە حەلەب مەلیك (سعید بدر الدین الؤلؤ)ی دانا، بەلاّم بیبرس بەم کارەی (قطز) زۆر تورە بوو...

وە لە ڕۆژی شەممەی (16)ی ذی القعدەی ساڵی (658)ی هجری بەرامبەر (1260) میلادی پێشەوا (قطز) لە دیمەشقەوە بەڕێ کەوت بەرەو میصر، وە بیبرس و هەندێك لە مەلیکەکانی دیکەشی لەگەڵدا بوون، پاش ئەوەی گەشتنە ناوچەیەك کە پێی دەڵێن: (القصیر) لە ئەردەن، هەندێك لە مەلیکەکان لە پێشەوا (سیف الدین قطز) هەڵگەرانەوە کوشتیان، ئەویش لەبەر ئەو رق و حەسودی یەی کە هەیان بوو بەرامبەری بەوەی خوای گەورە ڕێزی لێنا بەو نەصرو سەرکەوتنەی کە پێیدا دژ بە تەتەرەکان، وە هەر لەو شوێنەی کوشتیان لەوێش ناشتیان، پاشان گۆڕەکەیان لەوێوە گواستەوە بۆ قاهیرە، وە خەڵکیش بە کوژرانی زۆر دلگران بوون، دلگرانییەکی زۆر...

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی وصحبه وسلم




مافی لەبەرگرتنەوەو بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پێگەی گزنگ پارێزراوە بۆ هەموو موسوڵمانێك